

# له یادی هەشتاو شەش ساڵەی لەدایكبوونی دڵدار و پەنجا و شەش ساڵەی كۆچكردنیدا

دلزار

دڵدار شاعیرو سیاسەتمەدارو پارێزەری بەشخوراوان: یوونسی مەلا ڕەئووفی مەحموود ئەفەندی مەلا سەعیدی خادم سەجادە لە (٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩١٨)دا، لە گەڕەكی (بەفریقەندی) شاری كۆیە چاوی ژیانی هەڵێناوە و پەنجاو شەش ساڵیشە ئەستێرەی ژیانی ئاوابووە.

ماوەی ژیانی ئەم شاعیرە خەباتكارە هەڵكەوتووە تەنیا سی ساڵ بووە بێ هاوسەریش بوو.

لە ساڵی (١٩٢٧)دا دەبێتە قوتابی تاكە قوتابخانە سەرەتاییەكەی كۆیە، دوای ساڵێك ماڵیان دەكەوێتە ڕانیە و لەوێشەوە دەگوێزرێنەوە بۆ هەولێرو هەمیسان لە ساڵی (١٩٣٢)دا دەگەڕێنەوە كۆیە و لەساڵی (١٩٣٤)دا خوێندنی سەرەتایی لە كۆیە تەواو دەكات و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیش لە هەولێر و كەركووك لە ساڵی (١٩٤٠) تەواو دەكات و لە پایزی هەمان ساڵدا دەبێتە قوتابییەكی كۆلیژی حقوق لە بەغدا و لە ساڵی (١٩٤٥)دا تەواوی دەكا.

دڵدار هەر لە منداڵییەوە فێر كرابوو كە لە ماڵ دەرنەچێ، لە ماڵ دەرنەچوونیش بۆ بیركردنەوەو دوور ئەندێشی بردووە و دواییش كە چۆتە ڕانیە سەراسیمەی جوانی كێوەڕەش و زنجیرە چیاكانی ناوچەكەو ئاوە هەڵقوڵاوە ڕوون و ڕەوان و ساردەكەی (قولە) بووەو هەر لە ساڵانی زووشەوە چەند دەرسێكی نیشتمانپەروەری لە كاك ئاسەفی برایەوە فێربووەو لە ساڵانی (١٩٣٥ و ١٩٣٦) لە هەولێر هەمیشە هاوڕێ و هاوكاری (بورهان جاهید) بووەو پێوەندیشی بە شاعیرانی ئەوسای كۆیەوە (عوسمان عەونی) و مامۆستا (مەلا محەمەدی دلاوەر)ەوە بەتین كردووە.

دیسانەوە دڵدار لە یاداشتەكەیدا دەڵێ: «بەحەماسەتەوە لە كتێبخانەی كاكەم سەعدی دەستم پێ كرد كە موتالا بكەم، لە پێش هەموو شتێكدا تاریخی شۆڕشی فەرەنسەو تاریخی یۆنانم بە توركی موتالا كردو لە پاشان تاریخی (استقبال)ی جەلال نووری مەشهورم بەهەرسێ جوزئی بە تەدقیق خوێندەوەو تاریخی كوردو كوردستانی ئەمین زەكی بەگ و تاریخی بابان و سۆران و موكریانی سەید حوسێن حوزنیم بەكوردی خوێندەوە، ئەمانە هەمووی دروشمی ڕابردوویان هێنامە بەرچاو، لەگەڵ خۆم زۆرجار موجادەلەم دەكرد، مام بەرە بەرە مێشكم بكەمەوەو تەقدیری تەئریخ و تەنفیزی بكەم».

لە پاشان دەڵێ: «لەم تاریخە بوو كە دیوانی نالیم زۆر بەوردی خوێندەوە، شیعرە جوانەكانی نالی لەگەڵ شیعرە ئاگرینەكانی حاجی قادری كۆیی لە مێشكمدا لەسەر زەعامەتی ئەدەبی شەڕیان بوو، لەم شەڕەدا شتێكیان پێ

بەخشیم ئەویش بۆ شیعرو ئەدەبیات ڕواندمیان».

ئەمن وا دەزانم هەڵبەستی (ڕووناکی) یەکە هەڵبەستی چاپکراوی دڵدار بووە کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕووناکی (٢٤)ی تشرینی یەکەمی (١٩٣٥)دا دەرچووە پەخش کراوە.

دڵدار شاعیرێکی وریاو تا ڕادەیێک نوێکەرەوەبوو، لەو ماوە کورتەی ژیانیدا بەرهەمی بەپێزی ئافراند و زۆربەی هەڵبەستەکانی شیعری ریالستی ڕەخنەیین، سروودی (ئەی ڕەقیب)ەکەی ئەگەرچی لە ڕووی داڕشتنی هونەرییەوە ئاساییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شوێنی خۆی گرتۆتەوەو بۆتە سروودو مارشی نەتەوەی کورد نەک لە باشووری کوردستاندا، بەڵکو بۆتە یان دەبێتە سروودو مارشی تێکڕای میللەتی کورد لە کوردستانی گەورەدا.

هەندێ کەس ڕەخنە لەوە دەگرن کە ناوی (کەی خوسرەو) لە سروودەکەدا هاتووەو کەی خوسرەوی کەیانیش کورد نەبووە، بەڵام ڕەنگە مەبەستی دڵدار (کەی ئەخسار)ی شای ماد بووبێ کە نەژادی کۆنی کوردەو لە سروودەکانیشدا ڕێکدەکەوێ بڵێی:

**ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەی ئەخسەرین**
**دینمان ئیمانمانە نیشتمان**

هەڵبەستەکەی (خەندەکەی بایی)یش کە بۆ بەهیە فەرەجوڵای میسری کورد نەژادی داناوە، بەهێزو پێزو هونەرییە، خۆشەویستییەکی پاک و پیرۆزی تێدا هەست پێ دەکرێ، بابۆ پێویستی شیعریش وشەیێکی پاش و پێشی تێدابێ وەک (خەندەکەی بایی) لەجیاتی خەندە باییەکەی، شیعرەکانی دیکەشی بەتایبەتی (کوردستان) و (لالەباس) و (توتن و توتنەوان)، شیعری واقعین و ئەوانی تریش هەر یەکێکیان هەتوانی برینێکە. ساڵی (١٩٣٨) کە لە دوا ناوەندی کەرکوک دەیخوێند و تەمەنی تەنیا بیست ساڵ بوو، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی (کۆمەڵەی دارکەر)ی دامەزراند، لەسەر شێوازی ڕێکخراوەکەی (گاریباڵدی) کاربۆناری ئیتاڵی.

لە ماوەیێکی کورتا ژمارە ئەندامێکی زۆری لە قوتابیان و لاوانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێرو کۆیەو شارەکانی تری کوردستان لە ڕێی قوتابیانەوە ڕاکێشاو ڕێکخست، جا بۆ ئەوەی بتوانن زۆر لە ئەفسەران و کەسایەتی ناسراوی کورد ڕێک بخەن پێویستیان بەسەرۆکێکی بەتەمەن و بەئەزموون و



ناسراو هەبوو بۆیە ڕوودەکەنە مامۆستاو تێکۆشەری ناسراوی کورد (ڕەفیق حیلمی)، ئەویش داوایەکەیان قبووڵ دەکات بەو مەرجەی ناوی لێ بنێن (حیزبی هیوا) لەسەر ڕێبازی (هێڤی) سەردەمی عوسمانی. جا ئەوەبوو قبووڵیان کرد.

مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) بوو بەسەرۆکی حیزبی هیوا و دڵداریش سکرتێری گشتی حیزبەکە بوو.

حیزبی هیوا تا کۆتایی دووەم شەڕی جیهان، تا ساڵی (١٩٤٥) ژیاو گەورەترین حیزب بوو لە کوردستانا بەر لە دامەزراندنی حیزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (حیزبی ڕزگاری نیشتمانی).

هەر لە ساڵی (١٩٤٥)دا بوو دڵدار کۆلیجی حقوقی تەواو کرد و گەڕایەوە کۆیە و لەگەڵ کاک ئاسەفی برایدا کە خانەنشین بوو دەژیا، جا لەوساوە پارێزەری توتنەوانان و ڕەنجخوراوانی ناوچەکانی کۆیەو ڕانیە و بیتوێن بوو گەلێ جار بەخۆڕایی داکۆکی لە ڕەنجخوراوان دەکرد.

بەکۆتایی هاتنی دووەم شەڕی جیهان و تێکشکانی بەرەی فاشیزم بەرزبوونەوەیەکی گەورەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە سەرانسەری جیهاندا سەری هەڵداو هەموو گەلانی گێتی گرتەوە، دڵداریش یەکێک بوو لە دڵدارانی ئەو بەرزبوونەوە شۆڕشگێڕییە و لە ساڵی (١٩٤٦)دا ڕۆڵێکی باشی لە یارمەتیدان و ڕێنماییکردنی ڕێکخراوی تازە دامەزراوی ڕزگاری نیشتمانی (التحرر الوطني) لە کۆیەدا گێڕا.

تێکۆشەرێکی ناسراو و ڕووی بزووتنەوەکە بوو، هەر یاداشتێک درابایە میری بەناوی ئەوەوە دەدرا، لە هەموو چالاکییەکدا ڕۆڵی یەکەمی دەگێڕا.

لە نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨)دا گەورەترین و ڕێک و پێکترین ئاهەنگمان لە کۆیە گێڕا، دڵدار و من پێکەوە چووینە لای قائمقام (سوبحی عەلی) و ئیجازەی ئاهەنگ گێڕانی نەورۆزمان لێ وەرگرت و لە تاتووکی بەفریقەندیان شانۆیەکی زۆر جوانمان ڕازاندەوەو مامۆستا (جابیر پیرداود) بە بۆیەو فرچە نیگاری دیمەنێکی جوانی کوردستانی لەسەر پەردەی ناوەوەی شانۆیەکەدا کێشابوو کە بریتی بوو لە زنجیرە شاخێکی سەرکەشی بەفراوی و خۆر لەسەر هەڵاتوو و چەند دۆڵێکی کپ و ڕووبارێکی ڕوون و ڕەوان و پێدەشتێکی گەش و شین.

پێوەندیم بە دڵدارەوە بەتین بوو دوا پارچە شیعریشی ئەو نامە شیعرییە بوو کە لە ڕۆژی (١٩٤٨/٩/١٢)دا، بەر لە کۆچی دوایی بە دوو مانگ لە وەرامی نامەیەکی

مندا بۆی ناردم:

**دڵزار شیعرەکەت دڵزار شیعرەکەت**
**دڵزار نامەکەی پڕ شعوورەکەت**

**گەیشتە دەستم لە کاتێکی وا،**
**کافر بەحاڵم نەبێتن خوا؛**

**دەڵێن شەش سەدو کسور قەرزاری**
**ئایە بۆ پارە زۆر گیانە هاری؟**

**زرنگ و هۆڕی درهەم و پارە،**
**بۆ من خەیاڵی خەونی بەهارە؛.. تاد**

دڵدار لاوێکی مەیلەو درێژی داڵ گۆشتی سوورو سپی مووزەردی چاوشینی نیگا تیژی قسەزانی نوکتەباز بوو، شارەزاییەکی باشی لە ژیان و خوو و خدەی لادێیاندا هەبوو قسە دروست و وەڵام لەمەست بوو بەڵام لە دەسپێکی ئاخاوتندا زمانی دەگیراو قسەی بۆ نەدەهات کە دەشکرایەوە بەڕەوانی دەدوا، لەسەر کاغەزیش نووسینی بۆ نەدەخوێندرایەوە بۆیە پارچە کاغەزێکی بەدەستەوە دەگرت و سەیری نەدەکردو سەرپێیی وتاری دەدا.

دڵدار هەمیشە گیرفانی خاڵی و دەست کورت بوو، بەڵام تا حەز بکەن چاوتێرو بەعیزەتی نەفس بوو.

دڵدار لە ڕۆژی ١٩٤٨/١١/١١دا سەرەڕای ئەوەش کە ماوەیەکی درێژبوو تووشی ئاوسانی دڵ و ڕۆماتیزم ببووبوو، لەسەر پێداگرتنی عومەری عەلییە گۆج بۆ کاری پارێزەری لە کۆیەوە دەچێتە هەولێرو شەوی ١٩٤٨/١١/١١ لەگەڵ پارێزەر کاک عومەر حەبیب (عومەرە سوور) لە یانەی فەرمانبەران نان دەخۆن کە میمبەری سوور کراوە دەبێ، لە پاشان دەچنە (سینەمای حەمرا) و لە گەڕانەوەدا لە نزیک ئوتێلی فەرەح کاک عومەر حەبیب لادەدات و دڵداریش بەشەقامی (مظفریە)دا بەرەو تەیراوا شۆڕدەبێتەوە بۆ ماڵی سەعدی برای، کە دەگاتە ڕاستی ئوتێلی (کوکب الشمال) ڕەتێک دەباو دەکەوێ و بەهەر حاڵێک خۆی دەگەیەنێتە چایخانەکەی بن قەڵاو ڕادەکشێ، خەڵکەکەش وادەزانن سەرخۆشەو بە عەرەبانەیەکی کۆڵ هەڵگران دەیبەنە پۆلیسخانەی سەرا، گوایە سەرخۆشەو دەبێ تۆژینەوەی



لەگەڵدا بکرێ و کەسیش نایناسێ، کەچی لە بەختی کەچی هەموومان مفەوەزی ئێشکچی (ئیبراهیم حنا) ئەو شەوە لە ماڵی دۆستێکیان خەریکی خواردنەوەو یاری پۆکەر دەبێ، دڵداریش بەو شەوە ساردە بێکەس و بێچارە لەوێ دەمێنێتەوە لە سەرمان ڕەق هەڵدەگەڕێ و پەپوولەی گیانی بۆ جیهانی جاویدان دەفڕێ.

ئاوا ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی شیعرو بیری کوردەواری دەکشێ و دەکوژێتەوە.

مەودای ژیانی دڵداری جوانەمەرگ وەک وتمان تەنیا سی ساڵ بوو، ئەگەر مردن ئەمانی مانی بدایە لووتکەیەک دەبوو، لە لووتکە بەرزەکانی شیعری کوردی.

حاجی قادری نەمر ڕاستی گوتووە:

**مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە،**
**ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە.**

جا ناوی دڵدار، شیعری دڵدار، سروودە بەناوبانگەکەی دڵدار تا کورد بمێنێ کە دەمێنێ، هەر دەمێنێ.

**تێبینی:**

– جێی ئاماژە بۆ کردنە لاوانی کۆیی بەدەستپێشخەری حاکم پێشڕەوی سەید برایم و چەند دڵسۆزێک، لە ئەڵمانیاو شوێنانی تر توانییان گوژمەیەک دراو، بۆ پەیکەری دڵدار کۆبکەنەوە و لە ئەنجامیشدا لە یادی هەشتاوشەش ساڵەی لەدایکبوونیدا لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/٢٠دا لە بناری هەیبەسوڵتان بەرامبەر بە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە لە ئاهەنگێکی شیاودا پەردە لەسەر ئەو پەیکەرە بەرز و باڵایەدا لادرا و ئێمەش کە بە سوپاسەوە بانگهێشت کرابووین لەم پەردە لادانەدا بەشداربووین، خوازیاریشم کە تەرمەکەی دڵدار ببەنەوە کۆیە و شوێنی دووگەز زەویش لە بناری هەیبە سوڵتان لە تەنیشت دڵدار بۆ منی دڵزار دەسنیشان بکەن.

– دڵدار بەر لە نیوەشەوی ١٩٤٨/١١/١١ لە ژیان دەرچووە، بۆیە مێژووی دوا کۆچی ١١/١٢ نییە بەڵکو ١٩٤٨/١١/١١ بۆ ئاگادارتان.